# شۆشگۆەکان یان دەبێ ببن بە دیکتاتۆر، یان دەبێ بمرن سمکۆ عەبدولکەریم

جۆن پێرکینز، ئەو پیاوەی لە کۆمپانیای "مەین"ی ئەمریکی کاری دەکرد، بۆ جۆبەجۆکردنی ئەرکەکانی لە نێوان ساڵانی (1971-1975) ووودەکاتە ئیندۆنیسیا، لەوێ لە ڕێگەی هاوڕێ و هاوکارێکی ئیندۆسییەوە سەرقالی ڕاپەڕاندنی کارەکانی دەبێت، شەوێکیان هاوڕێکەی دەیبات بۆ بینینی نمایشی شانۆیەکی سەر شەقام.
نمایشەکە بریتی دەبێت لە گەمەیەکی شانۆیی بووکەڵەیی.
دوو بووکەڵە دەردەکەون، یەکێکیان بە جل و بەرگ و شەپقە ئالایەکەی سەریەوە دیارە، ئاماژەیە بۆ"ریتشارد نیکسۆن" سەرۆکی ئەو دەمی ئەمریکا، لەو لاشەوە بوکەلەیەکی دیکە بە جلوبەرگێکی سێ ڕەنگییەوە بە دەستێکی قوتوویەیەکی هەڵگرتوە و بەدەستەکەی تریشی ئالای ئەمریکا، ئەو ئاماژەیە بەسەر سەری نیکسۆنەو دەشەکێنێتەوە، ئەو لە هەڵسوکەوتیدا دیارە کە جگە لە کێلەیەك شتێکی تر نییە، لە پشتیشیانەوە نەخشەیەکی خڕهەڵاتی ناوەڕاست و خڕهەڵاتی ناوین دانراوە.

نیکسۆن لە نەخشەکە نزیك دەبێتەوە و بە دەزوویەك وڵاتان هەڵدەگرێ و دەیانخاتە نێو ئەو قوتوەی وێنەی دۆلاری ئەمریکی بەسەرەوەیە، بەدەستی بوکوڵەکەی تڕەوەیە، کاتێك لە نەخشەی ئیندۆنسیا نزیك دەبێتەوە دەیەوێ بەرزی بکاتەوە و بیخاتە نێو قوتووکە، وەڕێ لەم کاتەدا بووکەڵەیەك کە ئاماژەیە بۆ پیاوێکی ئیندۆنیسی باز دەدات " دیارە ئەم بووکەڵەیە ئاماژەیە بۆ سیاسییەکی خەلکی باندۆنگی ئیندۆنیسی کە خاوەنی جەماوەرییەکی زۆری ئەو وڵاتە بوو".
ئەم بووکەڵەیە لە نێوان نیکسۆن و قوتوو بە دەستەکە هاوار دەکات، بوەستە ئیندۆنیسیا خاوەنی سەروەری خۆیەتی.

لەم کاتەدا ئەو خەڵکەی بەدیار نمایشەکەوە وەستاون دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان، هەر لەم کاتەشدا بووکەڵەی قوتوو بەدەست ئاماکەی ئەمریکا بەرز دەکاتەوە و وەك و تیرێك لە ئیندۆنیسیای دەگرێت، بەڵام لەپڕ لار دەبێتەوە و بە شێوەیەکی دڵتەزێن دەمرێت.
بەمشێوەیە جەماوەرکە دەست دەکەن بە چەپڵەلێدان و وتاف کێشان، دوو بووکەڵەکەش کە ئاماژەن بۆ نیکسۆن-ی سەرۆکی ئەمریکا و قوتوو

بەدەستەکە بە مانی لە خەڵکەکە ئادەمێنن و سەریان شۆر دەکەن و شانکە جێدێڵن.

وەك جۆن پێرکینز دەیگێڕێتەوە دوای چەند رۆژێك ئەو پیاوە سیاسییە خۆشەویستەی جەماوەر، کە لە نمایشەکەدا بەووی نیکسۆندا وەستایەوە و بووکەڵە قوتوو بەدەستەکەی کوشت، شۆفێرێك تیرۆری کرد و بۆی دەرچوو) *

_____-

اعترافات قاتل الاقتصادی- جون بیرکینز-ص 65–69 *

---

# بارزانی تکایە وابکە، خەڵکینە تکایە وامەکەن ... شۆرکە کرمانج

سێ ڕۆژ ماوە بە دەنگدان لە ڕیفراندۆمێک کە تێیدا ئای خەڵکی کوردستان وەردەگیرێت لەسەر مانەوە لە عێراق یان هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی. خەڵکی کوردستان لە دەخەکدا دەژین کە یان دەبێت ڕیفراندۆم دوابخرێت وەك ئاوەی کە خەڵکانێك لە کوردستان هاوتای ئەمریکاو کەمەگەی نەوەوەتیو نەتەوە یەکگرتوەکان داوایدەکەن، یان لە ٢٥ ی ئەیلول دەنگ بە بۆ یان نەخێر بە مانەوە یان جیابوونەوە لە عێراق بدەن. ئەم بابەتە هەوەدەدات بەکورتی شرۆڤەی هەردوو ئۆگرەکە بکاتو پێشنیاز بخاتەوو.

**بارزانی تکایە وابکە**

سەرەڕای ئاوەی کە کەم کەس ئاگاداری وردەکاریێکانی ئاو گفتوگۆیانەن کە لەنێوان سەرکردایەتی کورد لەلایەکو نوێنەرانی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان لەلایەکی دیکە ئەنجامدرانو کەس بەتەواوی نازانێت ئاو گرەنتیانەی کە بە کورد دراون چین، بۆیە ئۆگر گرانتییەکان بەجۆرێک لە جۆرکان زمانەتی گەانەوەی ناوچە دابەاوکان دەکەن یان لانیکەم بەدەنگی لە باەدەستی کورد دەکەن لەو ناوچانە لۆگە زمانەتکردنی سەرپەرشتیکردنی دانوسانکان لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی مەرکەزی بە یەکلاییکردنەوەی پرسە

هەڵپەسێردراوەکان تادێگاتە سەرلەنوێ داشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای کۆنفدراڵی، ئەو واچاکە کە سەرکردایەتی کورد پەیڕەوم دوابخاتو لێگەڕێ بەغدا بەسەرپەرشتی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان دانوسان دەستپێبکات.

**پاشناوەکانی (هەکارەکانی) پشت داوای دواخستنی پەیڕەوم ئەمانەن:**

یەکەم، زەمانەتکردنی شەرعیەتی نوودووەتی بە پرسی کورد لە عێراقو دەرهەنانی پرسکەیە لە قاوغە لۆکاڵییەکەو بەرزکردنەوەیەتی بە سەر ستراتیژی نوودووەتی. ئەوەش بەتەرفکردنو تەوەگلانی نەتەوە یەکگرتوەکانو ئەمریکا لە دانوسانکانی نێوان عێراقو هەرێم دەتەبەرهەم.

دووەم، وەک ئاگادارین کە تەواوی دنیا بەشێوەیەک لە شوەکان دژایەتی خۆیان بە پەیڕەوم دەرخستوەو کەم تا زۆر چوونەتە بەرەی عێراق. هازیبووونی کورد بە داواکانی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو هەزو لایەنانە ئاگەڕ نەشهێنەتەوە بەرەی کورد ئەوە بەڵایەنیان دەکات.

سێیەم، سووربووونی کورد لەسەر ئەنجامدانی پەیڕەوەمێک کە مولزەم نیە دەیخاتە بارودۆخێک کە وەک تەرەفێکی بەپشتیوان لێگەڕێ عێراق دانوسان بکات، ئەوە ئاگەڕ عێراق هەر هازیبەت کە دوای پەیڕەوم دانوسان لێگەڕێ هەرەم بکات. بەبێ دانوسانیش لێگەڕێ عێراق پرسی جیابووونەوەی کوردستان لە عێراقو دانپێنان هێندەی دیکە ئاسانزو سەخت دەبێت.

چوارەم، ئاگەڕ کورد بەڵێزامەندی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان بچێتە گفتوگۆوە لێگەڕێ عێراق، ئەوە لە بارودۆخێکدا دەچێتە گفتوگۆ کە "ێیزی سوارە" چونکە باڵادەستە لە ناوچە دابەاوە دوومەند بە نەوتەکان، هاوکات، پشتیوانی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکانیشی بە سەرپەرشتی گفتوگۆکان مسۆگەرکردوە.

پێنجەم، پێشبینی ئەوە دەکرێت کە دانوسانکان درێژە بکێشن، چەند دانوسانکانیش درێژە بکێشن ئەوە بەبنەما لەسەر سیاسەتی ئەمری واقع مانەوەی ناوچە دابەاوەکان لەژێر دەسەاتی کورددا مسۆگەرتر دەبێت.

شەشەم، ئاگەڕی زەرە کە عێراق نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژێکی نزیکیشدا هازی بێت بە داواکانی کورد لە، بەنمونە، گەانەوەی

ناوچە دابەشکان، زامنکردنی بودجەی پێشمەرگە، قەبوڵکردنی یاسای نەوت و گاز، بەکۆنفیدراڵکردنی عێراق. ئەگەر عێراق ئەمانە نەکات ئەوە ئەوکات شەرعیەتی ئەنجامدانی ڕیفراندەم بە سەربەخۆیی لە کەمتەگەی نەوەوەتی دەکرێت وەربگیرێت.

حەوتەم، ئەگەر عێراق بە داواکانی کورد، ئەوانەی لە خاڵی شەشەم ئاماژەیانپێکرا، ڕازیبوو، ئەوە کوردستان بەحوکمی دابینکردنی مافەکانیو بەکۆنفیدراڵبوونی هەرێم لەووی سەروەریەوە هاوتا دەبێت لەگەڵ عێراقو هەر کاتێک حزبکات دەتوانێت جیابێتەوە.
بەیە تکا لە مەسعود بارزانی دەکەم کە وابکاتو ڕازی بێت لەسەر دواخستنی ڕیفراندەم.

**خەکینە تکایە وامەکەن**

زۆربەی ئەوانەی کە تەخنەیان لە ڕیفراندەمو میکانیزمەکانی هەبوو بەگشتی تەخنەو سەرنجو نیگەرانیو ترسەکانیان لە سێ خاڵدا دەکرێت کەبکرێنەوە، کە ئەمانەن:
یەکەم، دەبێت ڕیفراندەم ناوچە دابەشکان بگرێتەوە، کە ئێستا واپەدچێت ڕیفراندەم ئەو ناوچانەش بگرێتەوە. دیارە تائێستاش ئەو گومانە بێتەواوی نەڕەویتەوە چونکە ئامادەکارییەکانی لەو ناوچانە بێتەواوی نەکراوە بەتام با گریمانی ئەوە بکەین کە ڕیفراندەم ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر ڕیفراندەم لە ناوچە دابەشکان نەکرێت ئەوە تەواوی داواو قسەکانی ئەم بابەتە بێتاەدبنەوە.

دووەم، دەبێت ڕیفراندەم شەرعیەتی یاسایی هەبێت. بە ئەمیان چەند تەژکە دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان بکرچوکاڵی، ڕیفراندەمیش شەرعیەتکیی کرچوکاڵی وەرگرتوە.
سێیەم، دەبێت ڕیفراندەم بکرێت بە بڕیارکی مولزەم (binding) واتە لەدوای ڕیفراندەم ئەگەر دەنگی بەڵێ بردیەوە دەوڵەت ڕابگەیەنرێت. سەرکردایەتی کورد ماویەکە دەڵێت ڕیفراندەم ئامرازو سەربەخۆیی ئامانجەو ڕیفراندەم بە سەربەخۆیە، ئەگەر کەسێک گومانیشی لەو قسەیە هەبێت، بەتام لەبەرئەوەی لە وڵاتانی دەوروبەرو تەواوی دنیا وەک بڕیارکی مولزەم تەماشای ڕیفراندەم دەکرێتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە ئێستا، وابێت یان وانەبێت، ڕیفراندەمەکە زیاتر وەک ڕیفراندەمکی مولزەم دەردەکەوێت.
بەکورتی، سەرەڕای ئەوەی کە بەگشتی هیچ کام لەو پێشمەرجانەی کە تەخنەگرەکان بە ئەنجامدانی ڕیفراندەم هەیانبوو، بەدینەهاتون، کەچی واپەدچێت ڕیفراندەم ئەنجامبدرێت. بۆیە ئەگەر ئەنجامدرانی

یەفراندەم هەر سووربوون لەسەر ئەنجامدانی یەفراندەمەکە، ئەو واچاکە خەڵکی کوردستان لە هەژی دەنگدان بە بەڵێ دەنگ بدەن. هەکاری پشتیوانیکردنم لە دەنگی بەڵێ سەن، هەکارەکی زاتیەو دووانی بابەتیی:

یەکەم، ئەگەر لەم ساتە وەختەدا پرسیارم لەبکرێت داخە دەتوانێت لە عەراق بمێنیتەوە یان دەتوانێت کوردستان ببێت بە دەوڵەتکی سەربەخۆ، ئەو من ناتوانم بڵێم دەمەوێت لە عەراق بمێنمەوەو نامەوێت کوردستان ببێتە دەوڵەتکی سەربەخۆ.

دووەم، دەنگدان بە نەخێر واتە مانەوە لە عەراقکی مەزهەبیی-شیعیی کە دەیان ساڵە لەدوای کوردستانە لەزەر بوار، لەوانە: ئازادی تاکە کەس، یەکسانی ژنەو پیاو، ئازادی دینەو بیروباوەڕ، یەکسانیەو پەکەوەژیانی نەتەوەو ئایینەکان... هتد.

سێیەم، بە تێپەڕاندنی ناسیونالیزم دەبێت ناسیونالیزم تەربکرێت، واتە تەشبوعبکرێت. ناسیونالیزم تەنیا بە دامەزراندنی دەوڵەت دەکرێت کزبکرێتەو تێپەڕێنرێت. لەدوای تێپەڕاندنی ناسیونالیزم پرسە گرنگەکانی دیکەی کەمەگە دەبنە پرسی سەرەکی خەڵک، وەک یەکسانیەو عەدالەتی کەمەایەتیەو ئازادی. تا کورد دەوڵەتی نەبێت ئەم پرسگەلە گرنگانە لەلایەن خەڵک بگشتیەو نوخبەی سیاسی بتایبەتی، بە ئانقەست یان بەهاستی، بقوربانی پرسە نەتەوەییەو ناسیونالیستییەکان دەکرێن.

بەیە ئەگەر یەفراندەم ئەنجامدرا لەسەر سندوقکانی دەنگدان سەرەای هەڕەشەکان، سەرنجکان، نیگەرانییەکان، مەترسییەکان دەنگ بە بەڵێ بدەن چونکە مەترسییەکانی بردنەوەی نەخێر زەر لە مەترسییەکانی بردنەوەی بەڵێ گەورەترو زەرترن. لەبەرئەوە دەڵێم خەڵکینە تکایە وامەکەن، نەکەن بە نەخێر دەنگ بدەن.

---

# مەعدەنێکی سەیرە خەڵك ... عەزیز

# ەئووف

ئەوەی دیکاتێرەکان دروست دەکەن خەڵکن و ئەوەشی دەیانوخێنن هەر خەڵکن. کەلتوری حەشامات سیمای هەرە دیاری دیکتاتێرەکان بووە، بەجۆرێك کە حەشامات ئاوێنەیەکە سەرکردەکان ڕوخساری خۆیانی تێدا دەبینەوە.
من هەمیشە لە خەڵك ترساوم. ئەوکاتەی پێنج سەد هەزار کەس بەدوای کاك نەوشیروانەوە دەیانوت "دەیگۆڕین" بەڵاستی نەمدەزانی لەڵاستیدا دەیانەوێت چی بگۆڕن، هەزاران کەس گوێیان لە مام جەلال دەگرت و هاواریان دەکرد "مامە" بەڵام بە نەخۆشکەوتنی مامە ئەو جەماوەرە نازانێت چی بکات. ئەوکاتەی کە سلێمانی شاری ئیرهابە کاتێك پشت دەکاتە سەرکی پارتی، بەڵام مادام دەتوانێ مەلعەبێك لە خەڵکی موچەخۆری بندیوار کێ بکاتەوە، دەکەوێتە ستایشی شار و بە شاری هەڵمەت و قوربانی وەسفی دەکات.

خەڵك هەمیشە بەڵایە. ئەو پێنج سەد هەزار کەسەی دوای کاك نەوشیروان ئێستا لە بێدەنگی کوشندەدا دەژین و ئەو حەشاماتەی بەدوای مامەوە چەپڵەیان دەکوتی ئێستا کەس نیە چەپڵەی بۆ بکوتن و لەگەڵ نەخۆشکەوتنی مامدا ئەوانیش نەخۆشی دایگرتوون و تەنانەت یەکێتیشیان بەخێرانەوە نەخۆش خستووە. ئەو قەرەباڵغیەی دوای بارزانی کەوتوون، بە بێنی موچەیەك، یان سێنەوەیان لە لیستی ئەیلولانە ئەگەری هەڵوەرینیان هەیە و تاسەر هەستی ناسیۆنالیستی کەمەکیان ناکات.

خەڵك مەعدەنێکی سەیرە. هەم سەرکردە دروست دەکات بە چەپڵە و هەم دیکتاتێرەکان وەك سەگ پەت دەکات. کە موعەمەر قەزافی دەچووە شەقامەکانی تەرابلوس، خەڵك چەپڵەیان بۆ دەکوتی، بەڵام هەر خەڵك خۆیان کوشتیان. سەدام حسێن بیست و چوار سەعات پێش ڕوخانی، هاتە نێو شەقامەکانی بەغدا و هەزاران کەس بە کۆڵ سەدامیان هەڵگرتبووو هاواریان دەکرد" موفیدك یا سەدام" ، بەڵام هەر ئەو خەڵکە دوای چەند سەعاتێك هەر خۆیان پەیکەرەکەیان ڕوخاند و لای ئەمریکیەکان ئیخباریان کرد و حەشارگەکەیان بۆ ئەمریکیەکان کەشف کرد.
تێپەڕبوونی عەجیبە خەڵك، هەم سەرکردە دروست دەکەن بە چەپڵە و هوتافەکانیان، هەم بەو پەڕی دڵڕەقییەوە دیکتاتێرەکانی خۆیان دەڕوخێنن.

# پاشکۆتی موچۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان … عەلی مەحمود محەمەد

لە ماوەی رابردوودا, هیچ دەسپێك بە ئەندازەی پاشکۆتی موچەی موچە وەرگران, نەبووە موزایەدەی پارتە سیاسییەکان و هەموو ئەوانەی مەرامی سیاسییان هەیە لەم کوردستانە, ئەگەر لە گەڵدا بە دوای دەستەواژەی پاشکۆتی موچەدا بگەڕێیت, تەنها ئەوانەی گوگڵ دەیدات , 45100 وەڵامەو, زۆری تریش خەی لە گەڵیش شاردەتەوە, هەرچەندە ئەم دەستەواژەیە هەشتا ساڵەیو تەمەنی دوو ساڵی بەڕێکردووە, ئاخر موچە پەیوەندی بە 1,4 ملیۆن هاووڵاتی کوردستانەوە هەیە,دکاتە زیاتر لە 37%ی هاووڵاتیانی کوردستان وەك خەزانەکانیان, سەرباری ئەوەی پاشکۆتی موچە کارایی لەسەر بازار و ئیش و کاری کوردستانیان لە هەموو سێکتەرەکان داناوە, لە کوردسان بە موچە هیچ جۆرێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگیش نامێنێت, دەتوانین بڵێین موچە کەشێی یەکەمی هاووڵاتیانی کوردستانە بە ئیمتیازەوە, بە ئەندازەی ئاو و هەواو گەنم و خوێ و خەڵتاو گرنگە,هەر خشی ڕەوت و ئاراستەی بازاڕ دیاریدەکات, بۆیە ئەگەر سیاسەت بکرێت لە کوردستان,دەبێت قسە لەسەر موچە بکرێت, بە تایبەت پاشکۆتەکەی کە 75%ی کەی موچەکەیە, ئەگەر پەپڵستیش بیت دەبێت موزایەدەی گەورەی پێوە بکرێت, موزایەدەیەك وا بەهەشت لە گیرفان تەداو جەهەنەمیش لای نیارەکەت بێت, ئەستا موچەش بە لابردنی پاشکۆتی موچە کەس تاقەتی گوگرتن لێی نییە.

بە ئەوەی لەسەر پاشکۆتی موچە قسە بکرێت, پێویستە دوو مەرج لە قسەکانتدا هەبێت, مەبەستم دەسەڵاتداران و پەرلەمانتارانە, یەکەم بزانیت ئەم دەسپێکی ئابووریە و بە ئاماری وردەوە قسە بکرێت, نەك ڕۆژێك بڵێیت پارەی نەوت بایی 20%ی موچەیە, ڕۆژی دواتر بڵێیت زیاترە لە موچە, یان ڕۆژێك بڵێت حکومەت قەرزارە, ڕۆژی دواتر بڵێیت قەرزی لەسەر خەڵکە, دەستەواژەیەکی ئەمریکی باو هەیە کە ئاراستەی بەشی باوك کراوە لە میانی ململانێی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەوو بیل کلنتۆن, کلنتۆن ووە لە بەش وتی " ئەحمەق ئەمە ئابوریە ئابووری ", هەر ئەو ئەحمەقیەش دوایی بە دەڵاندنیدا, ئاخر ئابووری

نەبوایا , ئەوی قارەمانی شەڕی یەکەمی کەنداو بە کلنتەن نادەڵا, وەڵە ئەوانی مە ئەمە نە تەریق دەبنەوەو نە گەلیش سزایان لە هەبژاردندا دەدات ونە لە بازاڕیش ئیهیان لە دەکرێت, نە بە خەشیان لە قسان دەکەون, خاڵی دووەم کە باسی موچە دەکەیت ئەگەر دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامان لە نێوان تاکەکانی کەمەگا و بنبڕکردنی هەژاری کاری یەکەمت نەبێت ئەوا هیچت نەکردووە, ئیەوانەك کە 90%ی حیمایەکانیان براو برازاو ئامۆزاو خەزور و زاوایان بێت, بودجەی حیزبەکانیان زیاتر لە گەورەترین پارتی جیهان بێت, باسی موچەو ئیمتیازاتی خەیانەت نەکەن, باسی ئەوانە نەکەن کە چونەتەوە یانەی ئەلیەنیکەرنەوە( کەمپانیای بە سەرمایەی ملیار دەلار زیاتر)…. ئەوە ناتوانێت ئەهلی دادپەروەری بێت, کارەکان تەنها پیاوەتییە بە ئاوی حەمامەوە, ئەوانیش نەبنئەرکی حکومەتە موچەیەك بە ژیانی کولەمەرگی بە رەعیەتەکانی خەیدابین بکات. لە دوای ئەنجامدانی بایەمەتری موچە وەرگرانەوە, قسە زەر لەسەر چاککردنی موچە کراوە بەوەی دەرماڵەی موچەی بنەڕەتی, بەوانامەو هاوسەرگیری بدرێت بە موچە وەرگران, ئەمە چاککردنی پاشکەوتی موچە نییە بەڵکە وەك خەیان دەڕەن سستەمەکی نوێی موچەیە, ئەمە شێوازێکی دیکەی سیاسەتی تەقشوفی ئابووریە بە قچکەیەك دەستکاریی هەستپێنەکراوەوە بە هەندەك.

پەرلەمانتارانی گەڵاوێژ , بە تایبەت ئەوانەی وەك ئەپۆزسیۆن پێشتر قسەیان دەکرد و شاشکانیان کەنترۆڵ کردبوو, دەیانکوشت و نایان شاردەوە, ئێستا دەیانەوێت وەك ( ماو وجه ) بڕهانێ بە گەڵانەویان بدەزنەوە بە ئەوەی لە تارمایی هەوەستەکان پێشویان رزگاریان بێت , وایدەربخەن بەوەی گەڵاوێتەوە ژیانمان چاك بکەن,موژدە گەورەکەمان لە هەڵگرتنی پاشکەوتی موچە بدەنێ , وەك نیشان بدەن, بە ئەوان ژیان تاڵ بێت, وەڵە کاتەك لە گەڵ ستافی حکومەت کەبوونەوە , سەریان دای لە دیوارێ ئاسنینەکە, لە خوونێ 100 کاتژمێریەکەیان بەدار بونەوە, ئاخر ئەگەر حکومەت تەنها بە رازیکردنی ئەوان پاشکەوتی موچە هەڵگرێت, بڕەو روی ئەو پرسیارە دەبێتەوە, ئەدی بە سەپاندتان؟, بە زووتر هەڵتان نەگرت؟ ئەو پارانە چییان لە هات؟, کەی داهات و خەرجی مانگانەتان چەندە؟. پەویستە پەرلەمانتاران سەرەتا کەی داهاتی حکومەت و خەرجیەکانی حکومەتیان وەك خەی بزانیایە, ئەوجا مژدە خشکەیان پێمان بدایە, ژمارەی سەر کاغەزکامان دەوێت نەك سەر شاشکان.من پێشنیارەك دەخەمە بەردەست پەرلەمانتاران , ئەویش ئەوێیە هەوە بدەن , موچەی ئەوانە چاك بکرێت کە بەکەی کەمە و سەرچاوەی داهاتی

دیان نیە و کرنشینن, ئەو گەورەترین خزمەتە بیکەن ئەگەر پێیان بکرێت, داوا بکەن دادپەروەری لە دابشکردنی سەروەت و ساماندا هەبێت , دامەزرندن بە ئەوکسانە بێت سەرچاوەی داهاتی دیان نیە, واز لە دانوەی قەرزی پاشکەوتی موچە و ئەو داواکاریانەی خەڵك تاقەتی گوێگرتنیانی نەماوە بنن, دەسا دەزانین پێ بە پێی بەرز بونەوەی هەڵئاوسان دەبوایە موچەکانیش نەك 75%ی ببڕدرایە, دەبوایا ساڵانە زیادیشی بکردبایا, مەرج نیە هەموو شت لەوانەوە فەر بین وەك ئیدعای دەکەن, مادام دەژین ئەوانیش نەبن شت فەرە بین, وەلە کارەسات ئەوێە ئەوان لەوەندەی دەزانن زیاتر فەر نەبن !!!!.

---

# قورئانخوێن … بەختیار محەمەد

من وەك چەن گەرانییەکی خۆشی عاتیفی کارم تێدەکا، بەم شێوەیەش دەنگ و ئاوازی خۆشی قورئانخوێنەکانی وەك عەبدولباست و مەنشاویی و وەلید ئیبراهیم… کارم تێدەکەن و چەژی زەریان لێوەردەگرم.

ڕاستییەکەی ئەم دەنگانە شکڵمەندییەکی زیاتریان – لە گوێ و دڵی ئیماندارانداا – بە قورئان بەخشیوە. تێ لێرەدا گرنگ نییە لە قورئان بگەیت، یان هەست لە مانای وشەکان ڕابگریت، بەڵکو ئەوەی گرنگە، گوێ لەو دەنگە خۆشە و ئاوازەی نایابەکەی خوێندنەکەیان ڕابگریت. زەربەی جار ئیماندارانا گوێ لە چریکەی خۆشی ئەم دەنگانە ڕادەگرن، نەك مانای وشە و ئایەتی سورەتەکان. خێ دیارە (بەنموونە) زەربەی ئیماندارانی کورد لە مانای وشە و ئایەتەکان تێناگەن؛ وەك دەزانین زەربەیان هەر خوێندەواریشیان نییە؛ کەچی، کە گوێ لە دەنگێکی خۆشی بەسزی قورئانخوێنێکی وەك عەبدولباست یان وەلید ئیبراهیم دەگرن، لەگەڵی دەگرین. ئەم دەنگانە ئیمانیان بەهێز دەکا و بەختەوەری بە دڵیان دەبەخشێ و وێنای شکڵمەندیی و بەخشندەیی و بەزەیی خواشیان بێ دەکا (بەڵکو ئەم دەنگانە بەرائەتێکی زەریش بە ئایەت و سورەتە تونەکان دەبەخشن).

دەنگی عەبدولباست، کە سوەتی یوسف دەخوێنێتەوە، ئەم چیرکە (ووداوە) دەکاتە داستانێکی نایاب لە گوێی هەموو ئیماندار و هەموو گوهدارێکیدا (کێ هەیە لەم چوارچێوەیەدا هەست بە وێنەی

فریشتەیی یوسف نەکا؟). هەبەتە ەنگە، ئەگەر ئەم جارە شەوازی خوێندنەوەی عەبدولباستە نەبوایە، ئەوە ئەم سوڕەتەش هێندە ناوبانگی نەبوایە: هەموو ئیمانداران (بەخوێندەوار و نەخوێندەواریانەوە)، هێندەی بەهێی ئەم دەنگە زوڵاڵەوە گوێیان لەم سوڕەتە بووە ، هێندە گوێیان لە سوڕەتەکانی دیکە نەبووە (دەنگی وەلید ئیبراهیم – یش لە خوێندنەوەی ئەو سورەتەدا دەچێتە ئەم خانەیەوە، بەڵام لە عەبدولباست کەمتر)؛ کەواتە ئەم خوێندنەوەیە (شەوازی لیریکانەی قورئانخوێندنەوە) خێی لە خێدا جارێکە لە داهێنان لە مێژووی ئیمانی ئایینی ئیسلامدا.

---

# زەکەریا عەبدوڵا و تیپە مۆسیقا تورکیەکە … نوسینی : ئاری زێندینی

هونەر لە بنەڕەتدا هەوێکی تاکە کەسی و کارێکی تاکە کەسی و سەربەخێیە لە پێناو سەرکەوتن و داهێنان کە دوا جار دەبێتە کەلتوروخزمەتێك بۆ کۆمەڵگەومرۆڤەکان و مرۆڤایەتی. جار هەیە مرۆڤ بە هەوڵ و ماندووبوونی خێی جاریش هەیە بەهرەیەکی خودایی یارمەتیدەرە بۆ داهێنان و سەرکەوتن و گەیشتن بە لوتکە! بەهرەی خودایی وەك ( دەنگ خۆشی , کەشخەیی , جوانی , شازی) کە ئەمانە مرۆڤ زۆر بە زەحمەت بە خێی بە دەستی بهێنێت بە تایبەت گەر لە هونەر بەردەوام بیت واتە مرۆڤ یان خێی پێدەگەینێت یان وا خوڵقاوە بۆ پیشەکەی یارمەتیدەرە, هەرچەندە جاریش هەیە یارمەتی (مادی و مەعنەوی) لە دەرەوەی کەسەکە ڕاڵی خێی دەبینێت بەڵام کاتییە!

ئێمە دەزانین گۆرانیبێژوهونەرمەند(زەکەریا عەبدوڵا) گۆرانیبێژێکی سەرکەوتووماددێرن وداهێنەربوو لە سەرەتای کارەکانیەوە لە ڕووی ئەداوتەکنیێك ودەنگی مۆسیقاو ئەلبووم وسیدی وجۆشوخرۆشی گۆرانیەکانی, (زەکەریا عەبدوڵا) یەك لە گەنجە سەرکەوتووەکانی بواری مۆسیقاوگورانی کوردیە لە ساڵانی (1998) تاکو بەودوایە نەك ئێستا چونکە ماوەیەکی زۆرە بەرهەمی نیەو دەرناکەوێت هەرچەند

هونەرکارێکی تاکە کەسیە بەڵام دواجار دەبێتە کارێك بۆ گشت و دەوروبەرەکەی لە خزمەت گشتدا بۆیە هونەر نابێت دابڕان دروستبکات لەگەل دەوروبەر. هەموو کەس ومرۆڤ و هونەرمەند لە هەر بوارێك خاڵی (ئیجابی وسلبی) هەیە جۆگایی رەخنەیە لە پێناو کەشف و دەزینەوەی خاڵە لاوازەکان ونوقسانیەکان بەرەو زیاتر هەنگاونان بۆ باشتربوون لە بوارەکەی خۆی. ئەو قسانەی من بۆ ئەوەیە هونەرو مۆسیقاکەی (زەکەریا عەبدوڵا) هەرچەند خزمەتی هونەروگۆگری کوردی کردووە و خۆشەویستە لای زۆربەی جەماوەری کورد کەزۆر ڕەخنەی لێناگرن بەڵام هونەروزانست بە هەست وسۆز نابێت دەبێت ڕەخنەوپرسیار هەبێت ! ئەو ڕەخنەو پرسیارەی من لە ئێستادا لەوانیە گیرابێت وکرابێت بە ڕام من زەقی دەکەمەوە لە ئیستادا و بەتایبەت لەو ئاهەنگەی دوایی لە هەولێر لە یاریگایی (فرنسوا حریری) کە بۆ پاڕپشتی (ریفراندۆم) سازکرا, ئایا (زەکەریا) پاش (25) ساڵ لە حوکمڕانی کوردی لە باشوری کوردستان نەیتوانی تیپێکی هونەری مۆدیرن دروستبکات و ئاهەنگی پێبگێڕێت, ئایا تاکەی ئەو تیپە مۆسقایە تورکیە وەك (ئێکسجین) هەردەم لە کۆنسێرت وکلیپ وئاهەنگەکان شانبەشانی (زەکەریایە) کەچی ئێمە باسی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی و حوکمی کوردی دەکەین دەمانەوێ خۆمان بناسێنین بە هەموو دونیا کەچی هەربە دەست وپەنچەی کەسانیتر ئاوازوهونەری کوردی بژەنین وبچڕین ! بەپارەی خۆمان وا باشتر نیە پارەی خۆمان بێ دەست و پەنچەی خۆمان.

هونەرمەندان و هونەری کوردی لە هەرمی کوردستان بۆ قسەیەکیان نیە لەسەر ئەمە؟ کە ئەمە بە ئاشکرا لاوازی هونەری کوردیە پیشاندەدات بەڵام وادیارە لە کوردستان هەرکەسێك لە کوردستان لەلایە هەر کاربەدەستێك وحیزبێك پشتی گیرا کەس قسەی لەسەر ناکات هەتا ئەگەر لە بواری هونەریش بێت ! (زەکەریا) خۆیی و تیپەکەی لە هەندەران لە ئاهەنگەکان مۆسقاری کوردی بوون بە تەکنیك و ئەندازیاری دەنگ وخۆی بوو , خۆرە پاش ئەو ناوبانگ و باشبوونی باری دارایی ناتوانێ تیپێکی هونەری کوردی دروستبکات!, ئەی ئەوە سبەی دوو سبەی (تورکیا) سنووورەکانی داخست (زەکەریا) چیدەکات و ئاهەنگ ناگێڕێت واتە ئێمە لە ڕووی هونەریشەوە زەرەرمەند دەبین نەك لە ڕووی ئابووری وسیاسی و دیبلۆماسی! ئەمە ڕخنەوپرسیارێکی من بوو گەر(زەکەریا عەبدوڵا)ش وەڵامی نەدامەوە با هەواداران و خۆشەویستانی وەڵام بدەنەوە !

# کورتە نامەی شیعریی بەشی شەشەم … فەتاح حەسەن

لە بەر باران مەگرێ
باران..
فرمێسکەکانت، دڵشواتەوە
گەر فرمێسکەکانت
شرایەوە
گوناهەکانت، ناوەرۆن
بەتایبەتیی.. گوناهی
شکاندنی، دڵی من.
***
ئەمن، چپەی ئیشق و
خوێی ئاوم لەلاخشە.
ئەتەش خرینگەی خرینگی بازن و
هاوێی هەیاسە
وەی لە تە .. وەی!!
***
تەنیاییم
گە بەردەدات لەتە
گە بەر دەدات لەخەم
وای کە تەنیام.
***
وتم بەم ئەرە جیبهێم
بەهام ناهێم
بە تە .. بە کوێ بەم ؟
لەخاچمدەن، وەکو مەسیح
ئەمن .. ئەرە جەناهیەم.
***
بەجگە لەتە، کە حەدیی هەیە
لەگەڵ تیشکی خەردا بەتەخوارە و
سوکنایی بدات،

بۆ دڵی ساردوسڕم.
***
ئەستێرە و مانگ، دڵزانن
ئەمشەو مەعشوقەکەی من دێت
نازانم
سنگی ئاسمان، بۆ جێناهێڵن .. بۆ ؟!
***
تامزرۆم بۆ ماچێکت
هێندەی تامزرۆی
تووشبوویەک بۆ شەکرە ..
بۆ کەسێک شەکر.
***
ئیشق دارۆبۆن بۆ
زەمەن تەشوێ یە
چەند حەزدەکەم
من ( کوچکە )* بم و
ئەتەش بنەشت.

*کوچکە: کاتی بنەشت کردن بۆ تەشوێک یا قەڵەمبەکی تیژ دارە بۆن لۆباری درژیی بریندار دەکرێت ( قەیشک ) ی تەدەکرێت لە کەتاییەکەیدا هێندەی لالوۆچک بۆ قوڵ دەیگرن ( کوچکە )، پاش بریندارکردنی دارەبۆنەکە شلەیەکیی پیادادێتە خوارەوە و لە کوچکەکەدا کەدەبێتەوە، پێیدەوترێت بنەشتە تاڵ، پاش خەشکردنی لە کوردەواریدا پێیدەوترێت بنەشتی کوردی.

**فەتاح حەسەن**
دانیمارک/ ڤالبی

---

# پارچەیەک لەرمانە شیعری ( پارچەکانم کەکەنەوە ) … ستار

# ئەحمەد ....

ئەو نا دەبینی خەکی
هەموو فریشکیان کەوتووە
شار لەنەو تابووتی ژانا
خەوی مەرگی لە کەوتووە
دەست بە هەرچی دەبی نییە
تەنها وشەیەکی تازە
بەرگوە و دەرونمان دەکەوە
هەر قەیرانە
هەموو شەوێك
شەقامی شار
گیردەی هەزار تاوانە
چەندین ساڵە چیتان کردو
کە بەم بەزمەتان حەساوە
ماڵ وێران و
کاسە بەتاڵ
شاریش بووە بەکەلاوە
سلەمانی ..
ئەو شارەی گوڵی دەباران
چاوی بەیوەتە
وردەواڵەی ئاغای تاران
دەڵێ ..
نان و دەشاوی تورك نەبەت
بەرژەك رەق دەبەتەوە
کەرکوك
لەخەڵ و خاشاکا
دواهەناسەی مەرگ دەژمێرە
بەغدادی دەست
بەری رەنج و
مووچەی پێشمەرگە نانێرە
رابەری هزری پێشکەوتوو
سەرکردەی نەوەی خانزادیش
رژەك لەلای میری دوبەی
سعودیەو
تورکیادا

نمایشی ئێوبی و
شاعێباس دەکا
گەلیش هەر دەست لەسەر دڵ
کەی بارانی سەزو میهری
رابەری میللەت دادەکا

---

# رێتکردنەوەی ریفراندەم لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، رێتکردنەوەی ئیرادە و بریاری خەڵکی کوردستانە!

ئەنجومەنی ئاسایشی نەودەوڵەتی نێتوێیکگرتووکان، لە بەیاننامەیکدا کە٢١ سێپتەمبەر باوبێتوە ریفراندەمی هەرێمی کورستان رێتدەکاتوە. هەکاری رێتکردنەوە ریفراندەم بۆتوە دەگەرێتوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش رۆز لەسەروەری و یەکپارچەیی و یەکگرتوویی عێراق دەگرن، هەروەها ئەنجامدانی ریفراندەم بە زیان بە جەنگ لەدژی داعش لەقەڵەم دەدات. لەبەرامبەر رێتکردنەوەی ریفراندەمیشدا بەدیلی گفوگۆ لەگەڵ بەغدا و پاپشتی خەیان بە گفتەگۆکە دەردەبڕن.

ئەنجومەنی ئاسایش، لە کاتێکدا دەیان و سەدان کارەساتی سیاسی و ئینسانی و حقوقی ئەم سەردەمە دەبینێت، درندەیی و هەوسارپچراوی دەیان دەوڵەتی تائێنیشک بەخوێن سور بووی ئینسان دەبینێت، کارنامەی رژێمە درندەکانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و ئاسیا دەبینێت، زیاد لە حەوت دەیە درندیی دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەرامبەر بەخەڵکی فەلەستین دەبینێت، چەندین دەوڵەتی لەچەشنی دەوڵەتی سعودیەی دیلکردنی هاوڵاتیەکانی دەبینێت، دەیان دەوڵەت دەبینێت کە خەریکی پاکسازی قەومی و تایفی و دینین، تەنانەت دەوڵەتی بەناو عێراق دەبینێت و بینی کە چەن جەنگی تایفی بەهەزاران ئینسانی لەبەین برد. لەسەر هەموو ئەمانە ئەم ئەنجومەنە نقەی نەهات و

نایەت. لەو جێگایەش ئاگر لەژێر گوشاردا، بریارێکی دەرکردبێت، لەسەر رەفە دانراوە و پشتگوێخراوە. هەروەها ئەم ئینجومەنی ئاسایش، لەبەرامبەر بەدیان کارەسات و مەرگەساتی ئینسانی خەڵکی کوردستاندا، لە قەکردن، ئینفال و کیمیاباران، سوتماککردنی دێیان دێهات و شارۆچکە، ڕاگواستن و کاوەکاری و ئاوارەیی... تا دێگاتە کوشتار و ئیعدامی هەزاران ئینسانی سیاسی و نەیار بە ڕژێمی پێشووی بەعس... دیسان نوزەی لەوەنەهات و بێ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چاوی لەو هەموو قوربانیانە، پێشی. کەچی ئەمڕۆ لەبەرامبەر بە ڕیفراندەمی خەڵکی کوردستاندا، بە بریاردان لەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان لە پرسیەکی باو و دانپیانراوی دنیای فەرمی و گشتیدا، دەوستێتەوە و بەخەرایی دێتە دەنگ.

پاساوی یەکپارچەیی و سەروەری عێراق، دەکەنە پاساو لەکاتێکدا باش دەزانن سەروەری عێراق درێژکەی گەورەیە و ئێران هێزی سەرەکی بەیارە لە عێراق و ئەوانەی حکومەت بەیەوەدەبەن، گوڕایەڵی ئەو ڕژێمەی سەنگسارو سەدارەی ئێرانن و دەستوەردانی دێیان دەوڵەت و تاقم لە عێراقی خاوەن سەروەریدا!! دەبینن. وە باش دەزانن عێراقی یەکگرتوو لەراستیدا چەند پارچەو شڤقارشڤقاری قەومی و دینی و تایفییە، لەسەر بنەمای ئەو فیدرالیزمەی کە هەر ئەم ئینجومەنی ئاسایشە، مێری تەئیدی لێداوە. گشت ئەم دەخە کارەساتبارەی عێراق و لەتوپەت بوونی ئەم کەمەگێیە کە هەر ناوچەیەکی گرفتاری دەستی تاقمێک چەکداری قەومی تائیفین، ئاکامەکی ڕاستەوخۆی جەنگی کەنەپەرستانە و ملهوڕانەی ئەمریکای ئەندامی هەمیشەیی ئەم ئینجومەنە دژی ئاسایشی دنیایە.

باسی جەنگ لەدژی داعش پاساوەکی تر، لە کاتێکدا دنیا شاهیدی ئاشکراو گەواهی دێری هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەیە کە بە ئاشکرا لە پشتی داعشن و ئینجومەنی ئاسایشیش، لەبەرامبەریان بەدەنگە. وە دنیا شاهیدی حەشدی شەعبی" یە، کە لەسەر بنەمای تایفی و بەوەنەی بەشێک لەسوپای قودسی ئێرانی پێکهێناوەو داعشی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەیەو هێزیکی درندەیی داعشییە.
پاساوەکانی ئینجومەنی ئاسایش بە ڕەتکردنەوەی ریفراندەم، هێندە پوچ و بە بەهان، کە پوچی و بە بەهایی ئینجومەنی ئاسایش نیشان دەدات. ئەو ئینجومەنە بە مۆراڵ و بە پرانسیب و دووڕوو، لەبەرامبەر بە گرتنەبەری ڕێگای ئینجامدانی ریفراندەمدا، بانگەوازی گرتنەبەری دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ دەسەڵاتێکی عروبی و ئیسلامی، وابەستەی ئێران.

ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش، و ئەحزابەکی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لایان وایە ریفراندەم دەکرێت ببێتە کێشەیەک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا لەسەر هاوبەشێتی سیاسی و پێست و داهات، وە ئەگەر بزوتنەوەی کوردایەتی دەستبردنی بۆ ریفراندەم لە ژێر ناوی پابەند نەبوونی بەغدا بە رێکەوتننامەکان گرتبێ بەر، بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان و بەرەی ئازادیخوازو ئینسانداستی، ریفراندەم نە بۆ سەفقەی سیاسییە، نە بۆ گفتوگۆیە لەسەر پێست و داهات، بەڵکو ریفراندەم بۆ ڕاتکردنەوەی فیدرالیزمی قەومی و بەزەر لکاندنەوەی کوردستانێ بۆ عێراقی عروبی قەومی و ئیسلامیەوە، وە ڕێگایەکە بۆ بریاردان لەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان بەدەستی خۆیان.

ئەوانەی دەیان خەشو شاگەشکەی بریاری ئەنجومەنی ئاسایش و ڕاتکردنەوەی ریفراندەمن لایەن ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی تری دنیا و ناوچەکە... و چاوەڕوانی شاباشی ئەو هەوڵستیانن دژی بریاری خەڵکی کوردستان، نەک هەر هەوێستەکی ناتەندروستیان گرتبێ بەر، بەڵکو هاوکات بەشێکی پێوەندی بە دنیابینی ئەوانەوە هەیە کە جووتە لەگەڵ سیاسەتی نا ئینسانیانەو نابەرپرسانەی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی ناو ئەو ئەنجومەنەو سیاسەتی دەبێ مەرالی و بەرژەوەند خوازیان.
بریاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕاتکردنەوەی ریفراندەم، بەشێکە لەهەمان ئەو سیاسەتەی بەدەنگی هەبژارد لەبەرامبەر تاوانێ بە کەتاکانی بەعس لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. وە سیاسەتێکە لە درێژەی سیاسەتی ملهوارنەی جەنگی کێنداو و کارساتکانی دەرهاویشتەی ئەو جەنگ و سیاسەتە و بریاری وەستانەوەیە بەرووی ئیرادە نواندنی خەڵکی کوردستاندا.

ڕاتکردنەوەی ریفراندەمی خەڵکی کوردستان لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، هیچ ڕەوایەتیەکی سیاسی و یاسایی و حقوقی نییە و تەواو نائینسانی و پێچەوانەی پرانسیبی هەبژاردنی ئازادانەی بریاردانی ئایندەی سیاسی هاوڵاتیانە بەدەستی خۆیان. وەستانەوە پشتگوێخستنی ئەم داوایەی ئەنجومەنی ئاسایش و سازدانی ریفراندەمێکی ئازادانە و شەفاف نەبەردێکە کە دەتوانێ مەری سەرکەوتنی ریفراندەم لە دنیای شارستانی سەردەمدا بکاتە راستیەکی مێژوویی.
ڕاتکردنەوەی سیاسەتی بەرژەوەندی خوازانەو دژی ئینسانیانەی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕاتکردنەوەی ڕێگای سات و سەودا لەگەڵ بەغدا بە مەبەستی دەستهەڵگرتن لە ریفراندەم، بە مانای پشتوانی کردنە لە ویست و خواستی ڕەوای خەڵکی کوردستان بۆ بریاردانی ئازادانەیان بۆ

دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خەیان بەدەستی خەیان، سور بوون لەسەر ئەم ئیرادەیە دەتوانە هەڕەشکی زەر گەورەی کەمەایەتی و ئینسانی لە ناوچەکەو دنیادا بکاتە پشتیوانی خەی، کە ئەنجومەنی ئاسایش و وەاتانی نەیاری ریفراندەم لە دنیاو ناوچەکە، دەبە سەری تەسلیم بوونی بە دانوەنن و دان بنەن بە ئیرادەی وەگەرکەوتوی خەکی کوردستاندا.

ئەمە لە بەاوکراوەی بەپشەوە... بەیانی ئەنجومەنی ئاسایش بە رەتکردنەوەی ریفراندەم، بە سیاسەتی بەرگری لە دەوەتی پشت بەستوو بە هەاواردنی قەومی و دینی و تایفی و کەگرتە عەراق و وەستانەوە بەرووی ئیرادەی خەلکی کوردستان دەزانین. بەیە بانگەوازی خەکی کوردستان و بەرەی ئینساندەست و ئازادیخوازی کوردستان دەکەین... هەزی خەیان نمایش بکەن، چ بە وەستانەوەی خەراو نارەزایەتی دەربرین بەرووی سیاسەتی ئەنجومەنی ئاسایش و چ بە بەردەوامیدان بە پرسەی ریفراندەم و ئەنجامدانی ریفراندەمکی ئازادانەو شەفاف لە کوردستاندا، بە دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خەیان بەدەستی خەیان. ئیرادەنواندنکی ئاوا دەتوانە نەخشی زەر گەورە لەسەر ئایندەی کوردستانی جیابووەوە لە عەراق و جەری دەوەتی داهاتوو هەبەت.

**بەپشەوە**
۲۲ سەپتەمبەری ۲۰۱۷

---

# دەوەتانی ناوچەکە کامیان لەویتریان باشترە؟ ... تاهیر حاجی حەسەن

هیچ یەک لەدەوەتەکانی ناوچەکە دەوەت گەلەک نین کەلەخزمەت و بەرژەوەندی چینە بەرهەمنەرو هەژار کراوەکەدا بن، بەکو بەکە دەوەت گەلکی تاسەر ئەسقان دیکتاتەر و چەوسنەر و کۆنەپارەز و لەدواجاردا وەک وەکیلکی زلهەزانی سەرمایەداری لەمەیدانداندان بە دژایەتی کردنی چینە زەرکەی کەمەگە کەلەچینی کرکارو جوتیارەوە بیگرە تادەگات بەتوەژی کرە وەرگرەکان پەک دەن.

هیچ نوزیەکی ئازادی و دیموکراسیەتی ئاستەقینە لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا نیە لەباشترینیانەوە جانازانم بەم دەوڵەتەکەی سیسی باشترینیانە یان کام یەکی تریان کەبەین لەو دەوڵەتەدا ترس و تەقاندن لەپلەی یەکەمدا نەبێت، تا دێگات بەدەوڵەتەکەی ئەحانی و موشەف و کابرای ئەفغانی و ئەوی تورک و ئەوی کەنداوی عەرەبی.
جائەو دەوڵەتەیش کەلەژێر ناوی خواستی ئەوای گەلی کوردا بانگەشەی بە دەکرێت،گەر دروستیان کرد،ئەوا هاوشانی دەوڵەتدارانی ناوچەکە دەبێت و لەوی یاساییەوە دەبێتە پارزەرێکی باشی پاراستنی کەرکوکانی ئەم سیستەمە دەندیەی کەشریکاتە زەبەلاحەکانی وڵاتانی سەرمایەداری ئابڕایەتی لە دەکەن، بەڵاستەوخێش چەوساندنەوەی چینایەتی درێژە پێدەدات و قورستریشی دەکاتەوە لەمەی ئێستایش کەبونی هەیە.
بەیە دەوڵەتەکەی بارزانیش بە بەرژەوەندی و خواستی ئەواکانی چین و تونژە بەرهەمهێنەرو زەحمەت کەشکان نابێت،بەڵکو لەبەرژەوندی چینە مشەخێرە بەرژوا قۆمیەکەو ئەو شریکاتانەدا دەبێت کەدیانەوێت دەست بگرن بەسەر کەی سەرزەمین و ژێر زەمینی ئەو گەلەدا کەناوی گەلی کوردە. ئیتر وەهمی نەتەوەو ژێر دەستەیی هیچ نیە بەجگە لەخورافاتێکی وەک خورافاتی ئاینی و مەزهەبی.

تاهیر حاجی حەسەن
23/09/2017

---

# گزنگنامە … سەردار جاف

تەمەن ئەنیشتووە و خەی دەنوستەوە
لە قەد پاڵی خەزانی ئەم بەهارەما
چاوەکانم ڕەشنایی تاریکستانی ئاسمان دەبینەو غلەر دەبێتەوە
ژووان چەن سەخت و گرانە
لە هەردە و کووەنەکانی نیشتیمانی دوێنەما خەی ئاڵاندووە
تەیش لە تەدارەکی ئشبەەکی هاوەر بوونتا دەیت و
گوارەی ژیان دەکەیتەوە و
پرچت بە بارتەقای زناری کەمەرما خولقاندووە
لەم وەرزەدا

دووری باڵات فڕە چڕینی میلادی گەنجی کردم
دەستت نەگەیشتە چمکێکی دەسماڵەکەی سەر چڕپیم
لەم وەرزەدا
هەڵچووی ناخی شتێکی هەرزەگڕیم و
لە سڕاغی ئیشقی ڕەحت
بۆ گەردانەی گەردنت تاڵە ریشاڵی یاقووتیم
بۆ سەمای شەوێکی سووری خوماراوی مەست مەست بوویمە
بۆ سەر مێزی ئەویندارێ شەرابی هەناریی ئیشقم
بۆ تەلاری باڵای بەرزت
لە سەر سینگت ئێقرە گرتووم
ڕەحێ تەواو تەواو کڕپیم
خۆ چ نابێ قاقاکانی پێکەنینت
لە بەر دیدی سڕما بست بە بست گڕش بکەم
خۆ چ نابێ لێوی وشکت
بە مەزەی لێوەکانمەوە تەتەێ و سیما و ڕوخسارت
بە تارای سپی ڕووپڕش کەم
ئەی هەناسەی بەر ئەوکێکی بڕیندارم
جەژنت پیڕز

شادی منیش ( ئەڵمانیا/ دڕنبڕگ )
لە تەك هەڵپەکێ و پەنجەمڕی سبەینێما دەبڕتە ( 23 / 9 / 2017 )
جەژنی نەوڕز

---

# ووبار ... شیعر: ایرج جنتی عگایی ... و: پشکۆ ناکام

لێ نێوان ئێم هەموو کاڵانیا
کە بۆ یەکەوێ
..بەستراونەتەوێ
کاڵانێ دڕینەکەمان
وا ئێستا ، داخراوێ
دیواری قوڕی باغچێ ووشک بوەکەی

پێ لە شیعری یادگاری
دیواری نێوان ئەمە و رووبارە گەورەکە
..ئەو رووبارەی هەردەم
وەک " بوون" زیندوە..
,,,,,,,,,
دەنگی رووبارە گەورەکە
هەردەم لە گومانا
ئەزرنگێتەوە.....
ئەو دەنگە
لای لایە خەشکەی
منالێکانمانە
.. کێلانەکەمان هەر چەنەکە
کێلانی؛
یادەوەرییەکانە
گەر تینوە...گەر ووشکە..
هی ئەمەیە
مێکی ئەمەیە
لەو کێلانەیا
..هاتوینەتە دونیا
لەو کێلانەیا..پەمان گرتوە
رەژەکیش وەک باپیرمان
لە هەمان ئەو کێلانە داخراوە
دونیا جێ ئەهێلین.....
,,,,,,,,,
ئاخر ئەمە عاشقی ڕووبارەکەین
مەگەر نا ...!!
ناتوانین لە پشتی دیوارەکەوە بین
مەگەر نا...!!
ناتوانین هەموو عومرمان تینوو بین
مەگەر نا .!!
نابە هەر هەناسەی
حەسرەت هێکەشین
مەگەر نا..!!
دەستی شکەتم بگرە
با : دیوارەکە بەوخەنین
رەژەک...
هەر ڕەژەک بە

دوور یا نزیک
پەکەوە
بەو رووبارە گەورەیە ئەگەین
تینووێتی خەمان ئاسپەرین
بە پاکی و بە گەردی رووبار
…رووبارە گەورەکە
دەستی شکەتم بگرە…
،،،،،،،،،،،،،،،،،،
بەدستکاریی : پشکۆ ناکام
سێپتەمبەر 2017

ئاواز : بایک بیان
گۆرانی: داریوش اقبالی

---

# ژیان …. بەهار ەشاد

ژیان لە نەوان
ئەم دوو بەش بوونە
پارادەکسێکی بە سەرو بنە
دەمێك وێك نازدارێك بەرگپۆشم دەکا و
بە نەغمەی بچووکترین باڵدار و
بەوەتری بە سەزترین ئاواز
دەم هەنەتە سەما
هەندێك جاریش نازداربوونی
خەی لە بیردەکا و
سەرسەختەکە و
بە هەرگیز دەە (نا)

لە کۆچبەریی و نەسرەوتنم
لەم نەوانە
بەدووی جێپەکانی تە دەەم
تا دەگەمە ئەو ااستییەی
کە لە نەوان جیاوازییەکاندا

کەرپەی حەزکان
جارێکی دی
لە دایك دەبێتەوە

گوێ لە دەنگی هەناسەت دەگرم
وردە وردە دووت دەکەوم و
لە تەش وایە سەبارەکم لەگەڵ ونبونی خەردا
لەت دووردەکەومەوە
لەلای منیش تەنیشتمانی و
بێ نیشتمانیم
لە تەدا دەدەزمەوە
.....
پارادەکسی ئەم خەیاڵەی من
ئازیزەکەم
زەر ناسك بەتەوە
هەندەك جار
بە دیار ئازاری وشکی پێڵەی گوڵەکەوە
دەتوێتەوە
بە بوونی خونچەیەکیش وەك بە هارەك
دەبوژێتەوە
منەکی ئەگەری نەوان
دوو کلتوری جیاواز
بەراوردەکان لە نەوان
دوو ئاسۆی جیاواز
بە هێڵکی سیمیتری و یەکسان
بەش بەش دەکەم و
تابلۆیەك دەنەخشێنم و
ئاسۆکان دەخوێنمەوە

دەڵێم بەکو لەیەکچوونەك
هاوشێوە بێ و
پێناسەیەکی نوێ بدەزمەوە
لەم بەسەرچوونەم
لە نەوان ئەرە و ئەوە
لە نەوان ئەوسا و ئێستای ئەوە
لە نەوان هەستی من
وهەستی ئەوان

ئەم جیاوازییانە

هەدی هەدی
پەرت پەرتم دەکەن
منەك ەەژانە
بە دووی پارچە قوومامشی ەەنگاەەدا دەگەەم
لە بوخچەی یادگاریی کراسە کوردییەکانم
دەیاندەزمەوە و
ەەژانە پینەی پەرت پەرتبوونی خەمیان پە دەکەم
پینەکان هەندەی دی ەەنگاەەم دەکەن
جارەك بە ناوی خاتوو ەەنگاەە کلتور
پاداشت دەکرەم
جارەکی دیش بەناوەکی بە ناونیشان
ون دەبم و بەدووی خەمدا دەگەەم
هەندە جار
پەرت پەرت دەکرەم و
سزا دەدرەم
هەندەك جاریش وازدەنن و لە بیر دەکرەم
وازدەهەنم و وازناهەنم
بەدووی یەکبوونی پارچەکانم
دەگەەم وناگەەم
خەشی دەوەم و خەشی ناوەم
دەەەمەوە بە نیشتمان
دەمەنمەوە لە هەندەران
بەردەوام دەبم وبەردەوام نابم
بەدووی خەم دەگەەم
چیدی ناگەەم
کەواتە من کەم؟
هەندە جاریش
لە ژەر بارانەکی سەرشەتا
خەم دەشەم و
نزایەك بە پاکبوونەوەی خەم دەکەم
لەو گوناحانەی کە نەمکردوون
کە خەم بە بەرپرسیاریان نابینم
لەو تەەبوونەمدا
بیر لەگوناحی جەهەشتنم بە خاك و
بیر لە گوناحی بەدەنگیم

بەگریانی خاکی وشک و هەڵکورِوزاوی
ئەو دەکەمەوە
بیر لە نزکبوونی هەموو
خەبوونەکان دەکەمەوە
چەندە بیر لە نزایەك بە پاکبوونەوە
لە گوناحەکان دەکەمەوە
بیر لە سەینەوەی
گەورەترین گوناحی
بەڵێی ژیانم دەکەمەوە
باران دەبارە و دەبارە
چەترەکەم هەڵناکەم
با بمشواتەوە
کاتە دەمشواتەوە
بیر لەتاوانی بەدەنگیی خەم دەکەمەوە
بەئەو مامەستایەی
فێری زمانی تووتی کردم و
مەدالیای ژیرەکی بەدەنگی
"دەبەنگی" پێ بەخشیم

باران دەبارە,
با ببارە
چەترەکەم هەڵناکەم
با ئەم بارانە بمشواتەوە
با لە گوناحی هەموساڵەکان
پاکم کاتەوە
با لە گوناحی بەدەنگیم پاکم بکاتەوە
بەدەنگیم
بە ساڵی وشکی زەوی بە قومە باران
گریانم بە بە دەنگی لە تاوان

با ئەم بارانە بمشواتەوە
نە دەتوانم ئەستاکە
چەژ لە بەنی بارانی ئەرە ببینم و
نە دەتوانم
بە ئامێزی گەرمی نیشتمان شاد ببمەوە
لە نێوان مەودای دوو جەر خەشویستی
دەسوڕمەوە

لە کاتەکدا
لە بوێریی و سەرشتیی خۆیستی
ئەو سادیستە هادەکەم و
بەرەو مەودای
نەدرکاوی بەدەنگی ئەم عاشقە بە دەنگەم
هەنگاو دەنەم
ژۆژ بە ژۆژ تەزیك نزیکتر دەبمەوە
لەم مەودایەدا دەسوڕمەوە
نە دەمەوێت بە هابردوو بگەڕمەوە
نە دەشتوانم
لەگەڵ بەدەنگیی ئەستاشدا پەیمانێک
ببەستم
من لە ناو بوونی پارادەکسەکدا دەم و دەچم
دەگریم وئازار دەچێژم
دەنگی چەپڵە و
وشە بریقەدارەکان
هەراسانم دەکەن
نە ئەسپەکەم تاوداوە
بە پەکەوەژیان
نە چێژیش لەو پەرت بوونەم دەبینم
لە هەندەران

لەرە هاندان هەیە بە پەکەوە ژیان

لەولاش جادانی
بازرگانەکانە
بە پەناسەیەك بە نیشتمان
بە ئەمجارە لە تاراوگە
خەڵاتی دەستی پیرەدارەوان
تەنها داسەك بوو
بە وتاری ئاوارەکان

بەخەندەیەکی بەرەوە
چرپاندی و گوتی

ژنەك دا دەت خانمەکەم
لە رەگ بدەیت و
هەر بە ئەبەد بمەنیتەوە لەگەڵمان!

من لەو ڕۆژەوە
لە ئەگەری نەوان ئەوان و ئەماندا
خولیای گیانمە
بەدووی پێکەوەژیاندا
نە نیشتمانم دڕبەدەریم بیمار دەکات
نە لانە نوێیەکەشم
وەکو بەهارە
ڕەنگاوڕەنگەکەی ئەوە
داهەدەم دەدات
لەو ڕۆژەشەوە
بە دووی پێناسەیەکی تردا دەگەڕێم بە ئاسوودەیی و ژیان
دوور لە مەرجی توانەوەی ئەمان و ئەوان!!

---

# گوڵاڵە و هەڵاڵە ... نووسینی: ڕزا شوان

**چیرۆک بۆ منداڵان..**

لە باشووری کوردستان، لە شاری خانەقینی قەشەنگ و جوان، لە کەنارانی گەڵەکەکدا، دوو کچەڵەی جوانکیلە و ڕووخۆش و لەوبەخەندە هەبوون، ناویان گوڵاڵە و هەڵاڵە بوو؛ هەردووکیان لە ساڵێک و لە مانگەکدا و لەو گەڵەکەدا لە دایکبوون، تەنیا پێنج مانگیش کەوتوونە نێوان ماڵەکانیانەوە، دراوسێتییان زۆر خۆشبوو.
هەر لە منداڵییەوە، گوڵاڵە و هەڵاڵە یەکتریان زۆر خۆشدەویست، پێکەوە یارییان دەکرد، دوو هاوڕێی دەسز بوون، پێکەوە چوونە باخچەی منداڵان، پێکەوەش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی، هەردووکیان لە پۆلێکدا دانران. هەردووکیان زیرەک و وریا و ژیر بوون، بە زۆریش پێکەوە کۆششیان دەکرد.

گوڵاڵە و هەڵاڵە بەیانیان پێکەوە دەچوون بۆ قوتابخانە، پێکەوەش دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، تەنانەت لە پشووکانی نێوان وانەکانیشدا، لە گەڕەپانی قوتابخانەکەیان دا، پێکەوە دەسووڕانەوە. بۆیە هاوڕێ

قوتابییەکانیان ناویان لێنابوون" دوانەی قوتابخانە".
گوڵاڵە و هەڵاڵە گەیشتنە پلەی پێنجەمی بنەڕەتی، لە خشتەی وانەکانی پلەکەیان دا، هەموو سێ شەممانەک، وانەی یەکەم وەرزشیان هەبوو، سێ شەممەیەک لە وانەی وەرزش دا، مامۆستای وەرزش بە یاریکردنی تۆپی پێ، پلەکەی کرد بە دوو تیپەوە، (تیپی سیروان) و (تیپی ئاوەند)، گوڵاڵە کوتە تیپی سیروان و هەڵاڵەش کوتە تیپی ئاوەندەوە. یاری دەستی پێکرد، وا ڕێکەوت تۆپەکە کوتە نێوان گوڵاڵە و هەڵاڵەوە، هەردووکیان هێندە بە گوێ و تاو بە تۆپەکە چوون، سەریان بە قایمی بڕی یەکتری کوت و کوتن، ئازاریان پێگەیشت، مەڕەیان لە یەکتری کرد و یەکتریان بە خۆتابار دەزانی، لە یەکتری زویربوون، ئەو یەکەمین جار بوو کە لە یەکتری زیزبن. ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژانی پێشوو، لە پشووکاندا پێکەوە نەسووڕانەوە، پێکەوەش نەگەڕانەوە بە ماڵەوە. دڵتەنگی و خەمباریەکی زۆریشیانی پێوە دیاربوو.
کە گوڵاڵە گەڕایەوە بە ماڵەوە، دایکی هەستی کرد کە شتێک ڕووی داوە، چونکە گوڵاڵە ڕەنگی سروشتی نەبوو، وەکو ڕۆژانی تریش لەوبەخەندە نەبوو. دایکی هەرگیز بیری بە ئەوە نەدەچوو، کە گوڵاڵە و هەڵاڵە لە یەکتری زیزبووبن.

دایکی: گوڵاڵە گیان، ئاسایی نایەیتە بەرچاوم، شتێک بووە؟
گوڵاڵە: نا دایکە گیان، کەمێک ماندووم، نیگەران مەبە.
هەر بەم شێوەیەش، دایکی هەڵاڵەش، هەستی بەوە کرد، کە هەڵاڵە خەمبارە.

دایکی: هەڵاڵە گیان، بە وا ڕەنگت هەڵبزەکاوە؟ خەمبار دیاری، چی ڕووی داوە؟
هەڵاڵە: دایکە گیان، وەرزشمان کرد، هیلاک بووم.
ئەواڕی هەمان ڕۆژ، گوڵاڵە لە ژوورەکەیدا، لەبەر خۆیەوە: خۆ نە خۆتای من و نە خۆتای هەڵاڵەش بوو، ئەویش وەکو من ئازاری پێگەیشت، ئەی بۆ لەو کاتەدا کەسمان داوای لێبووردنمان لە یەکتری نەکرد؟ ئەی مامۆستا لە سەرەتای ساڵدا سوێندی نەداین، کە پێویستە بە ڕووحێکی وەرزشیەوە یاری بکەین و لە یەکتری ببووورین؟ کەواتە زیزبوونی ئێمە بە پێچەوانەی ڕووحی وەرزشیەوەیە. چۆن دەبێت من و هەڵاڵە پێکەوە نەچین بۆ قوتابخانە و پێکەوە نەگەڕێینەوە بە ماڵەوە؟ هەر ئێستا لەگەڵ دایکم دا دەچین بۆ مالیان و داوای لێبووردنی لێدەکەم.
هەر بە هەمان هەست، هەڵاڵەش لەبەر خۆیەوە: خۆ من و گوڵاڵە لە

هاوڕێ زیاترین، ئەمڕۆ خەمان بۆ دوو خوشکی دڵسۆزی یەکتری دەزانین. چۆن دەتوانین بە بە یەکتری هەڵبکەین؟ چۆن خۆم لەدەکاوەت گەر هەر ئێم شەو ئاشت نەبینەوە؟ هەر ئێستا لەگڵ دایکم دا دەچین بۆ ماڵیان، داوای لێبووردنی لێدەکەم و ئاشت دەبینەوە.
بۆ ئەوەی کە هیچ لایەکیان ئاگایان لە کاتی درچوونی یەکتری بێت، گوڵاڵە و دایکی، هەڵاڵە و دایکی، لە هەمان کات دا، بۆ نیازی چوون بۆ ماڵی یەکتری لەماڵ دەرچوون؛ پانزە هەنگاوی مابوو کە بە یەکتری بگەن، گوڵاڵە و هەڵاڵە بەرەو پیری یەکتری رایان کرد و باوەشیان بە یەکتری دا کرد، بە گەرمی تەر یەکتریان ماچکرد، داوای لێبووردنیان لە یەکتری کرد. بەڵێنیشیان دا، کە هەرگیز زیزبوونیان دووبارە نابێتەوە.
ئێم دیمەنە جوانیان، شادی و خۆشیەکی زۆری خستە دڵی دایکی هەردووکیانەوە.

نەرویج: ٢٠١٧